# کتێبی

# مردن و زیندوبونەوە

نوسین و ئامادەکردن ئەحمد شایان

سەرەتا بەناوی خودای گەورە و میهرەبانی.

سلاو خوینەری ئازیز ئەم کتیبە باس لە مردن و زیندوو بونەوە و رۆژی قیامەت دەکات بە کورتی بۆیە ئەگەر هەر شتیك بوە کوناحیك هەرج شتیك. تۆبە بکە و بگەریوە خودا لیت خوش دەبیت و بەهەشتت دەکات بە نسیبت بو دونیایەکی کاتی دۆزەخ مەکە شوینی مانەوەت.

هیوادارم سودی هەبیت و خودای گەورە هەمووومان لە بەهەشت کۆبکاتەوە

دەفەرمووی (كل نفس ژائقە الموت) دەبیت هەموو نەفسیك مردن ببینی

## ساتی دەرچونی روح

ئەو كاتەی موسلمانیك دەكەویتە سەرەمەرگ چەند فریشتەیەك دین بو لای دەموچاو جوان و نورانی بە رویەكی خومەوە دین و. دەلین خەفەت مەخو دەتبەینەوە بو لای خودا كە لیت رازیە

وە بیباوەر لەكاتی سەرەمەرگی دا ئەوكاتەی روحی دەكیشن دوو فریشتە دین و دەلین. ئیستا دەتبەینەوە بو لای خودا كە لیت رازی نیە و باوەرت پی نەبوو. بەجی روویەكەوە بچیتەوە كە باوەری بی نەبوە و حەزناكات بویە خوای گەورەش حەزناكات بیبینی

## دەرچونی روح و ئازارەكەی

## بی باوەران

ئەو کاتەی فریشتەی گیان کیشان دیت روحت بکیشیت ئەو کات ناتوانی مردن بە درۆ بزانی کە روحت گەشتە گەروت لە کاتی گیان کیشانا

کەسانی دەوروبەری دەلین ئایا دکتۆری هەیە چارەسەری بکات یاخود کەسیك روقیەی بەسەردا بخوینی هیج شتی سودی نیە. وە ئەو کەسەی خۆی دەزانی کاتی روح کیشانیتی و لە کەسوکاری جیادەبیتەوە و هیج شتیك نیە تاکو رزگاری بکات کاتی تەواو بوە وە ئەو کاتە قاچەکانی دەئالینە یەکدا و ناتوانی هیج بجولیت ئەوقاچەی پی دەروشت ئیستا ناتوانی هەلی بگریت

وە ئەوکاتەی دەوروبەرەکەی ئامادەی دەکەن بو ناو گۆر فریشتەکان دین و روحەکەی دەبەن کوتا روژی دنیای و یەکەم رۆژی قیامەتی دەستی پیکرد واتا سەختی بەر سەختی دەکەویت

دوای ئەوەی روحەکەی بەرزکرایەوە بو لای خودای گەورە فریشتەی گیان کیشان روحەکەی برد

**ئەم ئازارە بو ئەوانەیە مردن بە درو دەزانن و باوەری بی ناکەن پاشان روشتوتەوە بو ناو کەسوکاری یانیش لە تەمبەلی وەلامی بانگخوازانی نەداوەتەوە کاری چاکی ئەنجام نەداوە وە خودای گەورە بەو کەسانە دەلیت (أولىٰ لك فأولىٰ)واتا هەرەشە بو تو هەرەشەی سەخت چاوەریتە**

**وە بی باوەران داوا لە خودا دەکەن بگەرینەوە دونیا تاکو بیپەرستن و داوای لیخوشبون بکەن بەلام سودی نیە و کاتیان تەواو بوە**

**پیغەمبەر (صلى اللّٰه عليه وسلم) دەفەرموی زۆر بیر لەو شتە بکەنەوە کە تام و لەزەت لە هیج شتی ناهیلی مەبەستی مردنە**

**یەکەم شەوی ناو گۆر**

ئەو كاتەی دەتخەنە ناو گۆڕەوە ئیتر هیچ شتیك سودی بوت نابی. یاخود زانیاریت پێی بدا جا بویە لە ئیستاوە خوت بۆ ئەو ڕۆژە سەختە ئامادە بكە.

ناو گۆر موسلمان و بیباوەر.

موسلمان.

ئیسلام بومان باس دەكات كە كاتی موسلمانی دەمریت و دەیبەن بۆ ناو گۆر روحی بەندە چاكەكارەكە دەلیت زوو بمبەن زوو بمبەن

وە فەرمودە پیمان دەلیت  كاتیك مرۆڤ خرایە ناو گۆرەكەی خزم و كەسەكانی رۆشتن روح دیتە بەری و تەنانەت دەلیت گوی لە دەنگی پیلاوەكانیشە

پاشان دوو فریشتە دینە لای بەناوی (نەكیر و منكر)هەر دوو فریشتەكە مردوەكە دادەنیشینن و پرسیاری لیدەكەن

پ‌ی ده‌لین (کی خوداته‌)ئه‌ویش ده‌لیت الله خودای منه

دوای ده‌لین (دینت چ‌یه‌)ئه‌ویش ده‌بیت ئیسلام دینی منه

دوای ده‌لیت (ئه‌و پ‌یاوه‌ی بوتان نیردرا)ده‌لیت پ‌یغه‌مبه‌ری خودایه ده‌لین چ‌ونت زانی ده‌لیت کتیبه‌که‌ی خودام خویندوه‌ته‌وه و ئیمانم پ‌ی هیناوه

وه کوتای سه‌رده‌که‌وی له تاقی کردنه‌وه‌کان و گ‌ۆره‌که‌ی بۆ فراوان ده‌بیت تاچ‌او ببینی و بۆنی به‌هه‌شتی بۆ دیت تاکو رۆژی قیامه‌ت و زیندوبونه‌وه

وه ده‌نگ‌یك دیت و ده‌لیت به‌نده‌که‌ی من راستی فه‌رموو شوینیکی بو راخه‌ن له به‌هه‌شت و ده‌رگ‌ایه‌کی بو بکه‌نه‌وه و پ‌اشان که‌سیك دیته لای جوان و نورانی جل و به‌رگ جوان ده‌لیت تو کیت ده‌لیت من کرده‌وه چ‌اکه‌کانی تۆم

بی باوه‌ر و خوانه‌ناس

**کاتیك ئامادەی دەکەن بو ناو گـۆر دەلیت مەمبەن دامبنین جونکە تاکو لە دونیا بو باوەری بی نەبو بە درۆی دەزانی کاتیك خستیانە ناو گـۆرەوە دوو فریشتەی ترسناك دین بۆ لای و دەلین**

**کی خوداتە(لە وەلامدە دەلیت هاها نازانم. نازانیت جونکە لە ) دنیا بو دژایەتی ئیسلامی دەکرد**

**ئینجا پـی دەلین (دینت چیە)لە وەلامدا دەلیت. هاها نازانم. نازانیت جونکە عەلمانیەت بەرنامەی ژیانی بوە**

**پـی دەلین (ئەو پـیاوە کی بو بوت نیردرا) دەلیت هاها نازانم. نازانیت جونکە لە دونیا شوینی نەکەوتی**

**پـی دەلین هەر نازانیت لە تاقی کردنەوەکە دەرنەچوی بۆیە سزادانت دەست پـی دەکات**

**وە لە ئاسماندا بانـگ دەکریت و دەلیت بەندەکەم راستی نەکرد و چیـگـایەکی بو راخەن لە دۆزەخ و بە چەکوشی لیدەدری ئەگـەر لە شاخی بدری ورد و خاش دەبیت وە کاتیك لی دەدری هاوار و نالەیەك دەکات تەنها مرۆڤ و جن نایبیستن**

**دانەیەکی تری لیدەدری دەیبات بەناخی زەویدا بۆیە بەردەوام سزاکەی دوبارەیە وە گـۆرەکەی لەسەر تەسك دەکریت تاکو**

**بەراسوەکانی ورد و خاش دەبن پاشان ماریك دیت بەناوی (ئازا)پیستی تاوانبارەکە دەخوات لەسەری تاکو قاچەکانی هەر بەردەوام دوبارە دەبیتەوە پاشان کەسیکی ناشرین و بۆن ناخوش دیت بو لای دەلیت تۆکیت دەلیت کردەوە خراپەکانی تۆم و پاشان شوینی خۆی نیشان دەدەن لە دۆزەخ**

## ژیانی بەرزەخ

**بەرزەخ ئەو شوینەیە کە مرۆڤەکان لی دەبن تاکو رۆژی قیامەت هیج کەسیك راستەوخۆ ناجیت بو دۆزەخ یان بەهەشت بەلام شوینەکانی خۆیان دەبینن وە کافرەکان دەزانن شوینیان دۆزەخە حەزدەکەن قیامەت هەر نەیات و رونەدا و یاخود زۆر دوا بکەوی وە دۆزەخ نیشانی موسلمانەکە دەدەن و دەلین ئەگەر لە خوا ترس نەبایت و بی باوەر بویتایە ئیرە شوینت دەبوو وە کافرەکانیش بەهەشتیان نیشان دەدەن و دەلین ئەگەر باوەرت پی هەبا و دژایەتیت نەکردبا ئەوا جیگات بەهەشت دەبو قیامەت**

دوای هەموو شتەکان مردن و پرسیاری ناوگۆر و ژیانی بەرزەخ قیامەت دیت رۆژە سەختەکە هەموو شتت لەسەر نوسراوە و لیپرسینەوە دەکریت

لەو رۆژە دا هەموو مرۆفەکان دەوەستن و پۆل پۆل فریشتە دینە خوارەوە هیج کەسیك ناتوانی قسەبکات مەگەر خودا ریگەی پی بدا رۆژی قیامەت زۆریك بی باوەر هەن دەلین بونی نیە و رونادات تەنها خەیالیکە جا هەر کەسیك دەیەوی توبەبکات و بگەریتەوە خودا لی بوردەیە

قیامەت ئەو رۆژەیە کە خودا لە بارەیەوە دەفەرمویت(فإژا برق البصر)واتا کاتیك چاو سەرسام ئەبیت و ئەبلەق دەبن لە کاتی مردنی دا و سەختی رۆژی قیامەت

وە دەفەرمویت (وخسف القمر)واتا کاتیك مانگ روناکیەکەی نامینی و خۆر و مانگ کۆدەکرینەوە و شەو و رۆز نامینی لەو رۆژەدا بی باوەران دەلین شوینیك نیە تاکو خۆمانی لی بپاریزین لە سزای خودا نەخیر هیج شتی ناتوانی بتپاریزی.
وە لەو رۆژەدا مرۆفەکان هەوالیان پی دەدری بەوەی کردویانە تاوانی بچوك یان گەورە ئاشکرا یاخود شاراوە و بەلکو مرۆڤ خۆی شاهیدی خۆیەتی (بل الانسان علی نفسە بصیرە)

# گەورەی رۆژی قیامەت

چەندین حەدیپ و لە قورئاندا باس کرابیت گەورەی رۆژی قیامەت و چەندین بیغەمبەر هۆشداری داوە

هەرچیەك دەکەین لە دونیا بو قیامەتە. ئیتر ج کاری باش بیت یان خراب ئەوەیان سود و زەرەری بۆ خۆتە

زۆربەی خەلکی سەردەم بیردەکەنەوە دەلین باشە خودا چۆن ئەو هەموو مرۆفە زیندو دەکاتەوە و تواناى هەیە خوداى گەورەش دەلیت تەنانەت ئاژەلەکانیش زیندوو دەکەمەوە و خوداى گەورە دەفەرموی(ایحسب الانسان ألن نجمع عقامه)واتا مرۆڤ وا بیر دەکاتەوە ناتوانم زیندووی بکەمەوە دەفەرمویت(بلی قادرین علی ان نسوی بنانه)واتا تەنانەت سەری پەنجەکانیش دروست دەکەمەوە و لە توانام دایە. هەروەکو هەموومان دەزانین سەری پەنجەی هیج مرۆڤی وەکو یەك نیە

## زیندوو بونەوە

**ئەوکاتەی خودای گـەورە ئەمر بە ئیسرافیل دەکات فوو بکات بە کەرەنادا و فووی پـیدا دەکات و مرۆفەکان لە گـۆرەکەنیان دینەوە دەرەوە و بەری دەکەون بو لیـپرسینەوە وە ئاسمانەکان ئەکرینەوە و دەبن بە ریـگـا بو فریشتەکان و دادەبەزن دوای ئەوەی خودای گـەورە دەفەرمویت(فإژا قم قیام ینڤرون)ئینجا بۆ جاری دوەم فوو دەکریت بە کەرەنادە و هەموو روحەکان دەجنەوە بەر مرۆفەکان و زەوی خۆی خالی دەکات لە مرۆفەکان و وە دەبینن مرۆفەکان سەیری ئاسمان دەکەن شەق بوە زەوی تەخت و هیج بەرز و نزمیەك نیە و شاخەکان نەماون خۆریش روناکی نەماوە بەلام بیغەمبەری خودا (صلی اللّه علیە و سلم)دەفەرموی (خۆر روناکی نامینی بەلام گـەرمیەکەی دە ئەوەندەی ئیستایە)وە ئەستیرەکانیش روناکیان نەماوە**

**پـاشان بومەلەرزەیەك لە زەوی دەدات ئەوەندە بەهیزە ئاگـری ناخی زەوی دەردەکات و مرۆفەکان ئەم دیمەنانە دەبینن دەلین ئەوە جی بوە زەوی بۆ وادەکات ئەوکاتە هەوالی پـی دەدری ئەمە ئەمری خودایە کە باوەرت پـی نەبو**

**نزیك بونەوەی خۆر**

ئەوکاتەی خۆر نزیك بوەتەوە و دەریاکان دەتەقنەوە و دەکولین
لە نزیکی خۆر ئەگەر بیت و لە دنیایە خۆر بیتە پیشەوە
هەمووی لە گەرمی دەمردن بەلام بو لەو کاتە نامرن خودای
گەورە دەفەرموی لە هەموو لایەکەوە مردن دیت بۆیان بەلام
نامرن کاتی خۆر تەواو نزیك بوەتەوە و هەمووی غەرقی ئارەقە
نە ئیسراحەت هەیە نە خەو هیچ شتیك نیە لەو کاتەدا تەنها
بیرت لای خۆتە کور لە باوك و دایکی رادەکا برا لە خوشك ژن لە
میردی بۆ ئەوەی داوای هیجی لی نەکات و خۆی رزگاری بیت
هیج شتی نامینی لەو رۆژەدا کەس بیری لای کەس نیە

بیغەمبەر (صلی اللّە علیە وسلم )دەفەرموی کاتی خۆر نزیك
بوەتەوە بە تایبەتی کافران ئارەقە دەکەن ئارەقەی زۆر تاکو وای
لیدی ئارەقەی بەرز دەبیتەوە هەیانە تاکو لای قاچەکانی دیت
هەیانە تا قورگی هەیانە غەرق دەبیت لە ئارەقەی خۆیدا بەلام
دەفەرموی بۆ کەسانی ئیماندار وەکو حەمام کردنی ئارەقە
دەکاتەوە

لەو رۆژەدا هەندی کەس دەجنە ژیر عەرشی خودای گەورە

# ئەو کەسانە کین لە ژیر عەرشی خودا دان

کۆمەلەیەکن خودای گەورە بانگی کردون بۆ ژیر عەرشی خۆی پیغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم)دەفەرموی کۆمەلەیك هەن دەجنە ژیر عەرشی خودا. ئەوکەسانە ئەمانەن

١ئیمامیکی عادل

٢گەنجیك لە عیبادەتی خودا تەمەنی تەواو کردبی

٣پیاویك دلی لای مزگەوت بیت واتا نویژی بە کۆمەل

٤گەنجیك لە ترسی خودا زینا نەکات

٥دوو کەس لەبەر خودا یەکیان خۆشبویت

٦کەسیك خیر ئەکات و ناهیلی کەس بزانی

٧ئەو کەسەی لە ترسی خودا فرمیسك بەچاوی دیتە خوارەوە

لەولاشەوە کۆمەلەیە هەن خودای گەورە نە قسەیان لەکەل دەکات نە روویان تیدەکات وە نە پاکیان ئەکاتەوە لە تاوانەکانیان وە توندترین عەزاب دەدرین و بابزانین کین ئەو کۆمەلە

١پیاویكی ئاینی كە بە خواستی گەورەكان و دەسەلات داران فتوا دەدا

٢ئەوكەسەی دەست لەسەر قورئان و سویندی درۆ دەخوات

٣پیاوكی پیر بچیت زینا بكات

٤پاشای درۆزن

٥فەقیری لوت بەرز

٦یەكیك جل و بەرگی شۆر كردۆتەوە و رایدەكیشی بە لوت بەرزی

٧منەت كار

٨كەسیك سویند لەسەر شتی دەخوات كە دەیفروشی

٩ئەوكەسانەی دلی دایك و باوك ئەشكینن

١٠دەیوپ واتا هینانی خەلك بو خیزان و خوشك دایك

١١ئافرەتیك خۆی وەكو پیاو لیبكا

١٢ئەو كەسەی شتیكی زیادەت هەبو نەیبەخشی

١٣ئەوكەسەی لە دواوە دەجیتە لای خیزانی

١٤ئەوەی زەكات نادا

ئەمانەی باسمان کرد ئەمانە خودای گەورە رووی رەحمەتیان لیناکات و توندترین عەزاب دەدرین

رۆژی لیپرسینەوە

ئالەو ساتەدا برایان و خوشکان دادگای دەست پیدەکات  کە ئاسمانەکان شەق دەبن و دەکرینەوە

وە پۆل پۆل فریشتەکان دادەبەزنە خوارەوە وە لە ریزیکی راست دا لە بەردەم خودای گەورە دەوەستن پاشان دوبارە شەق دەبیتەوە وە فریشتەکان دیسان دادەبەزن و لە ریزیکی راست دا دەوەستن حەوت ریز دەوەستن هەر یەکەو  بو ئاسمانیك هەر فریشتەیەك و لە ئاسمانەکەی دادەبەزی وە لەسەر یەك هیل لەبەردەم خودای گەورە دەوەستن و  ئەو روژەیە کە هەموو خوشەویستانت لیت هەل دین برا لە خوشك باوك لە کور دایك لە کورەکەی هاوسەرەکەی رادەکات تەنانەت بیغەمبەرانیش لەسەر ئەژنو دەکەون و دەلین نەفسی نەفسی واتا خۆم خۆم. لەو کاتەدا هیچ شتی ناتوانی بتپاریزی و هیچ پەناگەیەکت نیە خۆتی لی بشاریتەوە و رزگارت بیت. لە رۆژی قیامەت

**سالیك بە هەزار سالە. چەند پرسیاریکت لیدەکەن ئەمانەش ئەم پرسیارانەن**

**١ئەوً تەمەنی پیمان دایت لە جی سەرفت کرد**

**ئەو تەمەنەی ئیستا بەسەری دەبەی پرسیارت لیدەکری لە چیدا سەرفت کرد چیت کردوە لەو تەمەنەی پیمان دایت دەلیی چی دەلی. لە شتی هیچ و بوچدا بەریم کرد و خودام پی رازی نەکرد تەنها خۆشی دنیام بەلاوە جوان بو بۆیە ئاگاداری تەمەنەکانتان بن هەمووی لیپرسینەوەی لەسەرە**

**٢گەنجیەتیت لە چیدا سەرف کرد**

**لە کافتریا و رابواردن سەرفت کرد هەر خەریکی خۆشی دنیای کاتی بوی لە پیناو خودا هیجت نەکرد تەنها خۆشی خۆتت لا کرنك بو. خەریکی شتی خراب بویت،،،بۆیە تا دەتوانن لە پیناو خودا سەرفی بکەن جونکە هەر ئەوە باشە و چاکە  تاوەکو خودا رەحمان پیبکات**

## ٣دەلین زانستەکەت لە چیدا سەرف کرد

دەلین زانستەکەت لە چیدا سەرف کرد. لە پیناو رازی کردنی خەلك و گەورە بونی خوت تاکو بلین فلان کەس باشە یاخود پۆزت پیوە لیدادا و بۆ خودا نەتکرد. یانیش راستی دینەکەمت بەراستی نەگەیاندە خەلك جونکە دەترسای پیت بلین ئسلامی پیت بلین کۆنەپەرست و بلین توندرەو..بۆیە تا دەتوانن دینی خودا بگەینەنن وەکو خۆی لە هیج شتی مەترسن تەنها خودا نەبیت

## ٤دەلین پارەکەت لە چیدا سەرف کرد و چۆن پەیدات کرد

پیت دەلین سەروەت و سامانەکەت لە چیدا سەرف کرد و چۆن پەیدات کرد ئایا حلال بو یان حەرام. ئایا یارمەتی هەزارانت دا مالی هەتیویکت بەسەرکردەوەو یارمەتیت دان یاخود رۆشتی بۆ مالی خودا یانیش یارمەتی کەست نەداوە و خوتت پی گرنك بوە سەفەری مالی خودات نەکردوە تەنها سەفەری شوینی ترت کردوە و رابواردنت کردوە

پارەکانت چۆن پەیدا کرد حلال یان حەرام.
بە پارەی کەمی حلال رازی نەبویت
قەناعەتت نەبو رۆشتی حەرامت خوارد و

تەماحت کرد،،،بۆیە بەریزان یارمەتی هەژاران بدەن و مالی بی باوك بەسەر بکەنەوە و لە حرام بە دوور بن و مالی خودا بەسەر بکەنەوە تاوەکو رەحمان پیبکات و رووڕەش نەبین

ساتی هینانی دۆزەخ

دوای ئەو پرسیارانەی کرا دۆزەخ دینن بە ئەمری خودا وەکو ئاژەلیکی درندە وایە بەستراوەتەوە سەرەرای ئەوەش دەیەوی خۆی هەلدات و بیباوەران بخاتە ناو خۆیەوە. خودای گەورە دەفەرموی. دۆزەخ لە ٧٠هەزار لاوە بەستراوەتەوە هەر هەزاریکی ٧٠هەزار فریشتە گرتویانە. هیشتا خۆی هەلدەوەشینی و ناوەستی بیغەمبەر(صلی اللّە علیە وسلم )دەفەرموی ئەگەر ئاگری دۆزەخ وەك ئاگری دنیا بوایا خەلك تیدا دەخەوت ٧٠جار لە ئاگری دنیا بەهیزترە

خودای گەورە لە قورئانەکەی دەفەرموی

(یقول یا لیتنی قدمت لحیاتی)واتە لە رۆژی

قیامەت بەشیمان و دەلیت بۆچی کاری

چاکەم نەکرد و کاتەکانی خۆمم بەفیرودا و

رابواردنم دەکرد. باوەرداریش دەلیت

خوزگە زیاترم کردبا و بیباوەریش دەلیت

خوزگە منیش کاری باشم پیش خستبا واتە

هەر بەشیمانن بی باوەر و باوەرداریش

دوای ئەوانەی کە رویدا خودای گەورە
لیپرسینەوەی بەندەکانی دەکات بزانین
دوزەخین یاخود بەهەشت

لەو رۆژەدا کشتی خەمی خۆیەتی تەنانەت
بیغمەرانیش تەنها بیغەمبەری خۆمان
نەبیت (صلى اللّه عليه وسلم)هەر دەلیت
خودایە ئومەتەکەم پاشان خودای گەورە بە
باوکە ئادەم دەلیت کۆمەلەی دۆزەخ

جیابکەرەوە ئەویش دەلیت خودایە کۆمەلەی دۆزەخ کین. دەلیت لە١٠٠٠کەس ٩٩٩بو دۆزەخ دەجیت. هەموو بەلام لیرەدا شتیك باس بکەین. هەموو بیغەمبەری لە دونیا بۆی هەیە داوای شتیك بکات و خودا دەست بەچی بۆی دەکات هەموو بیغەمبەران داوای خۆیان کردوە تەنها محمد(صلی اللّه علیه وسلم)داوای نەکردوە هەلی گرتوە بو شەفاعەت لای خودای گەورە.

دەلیت کەسیك دینن بو لیپرسینەوە خیریکی زۆر زۆری کردوە خیرەکانی وەکو چیایەك بەرز بوەتەوە شانازی دەکات و دلی خۆشە. بەلام لەناکاو خودای گەورە دەیکات بە تۆزی با بردو. جونکە بوخودای نەکردوە و بۆ ئەوەی پی بلین پیاویکی چاکە و خیر لە دەستی دیت بۆیە ریا کردن شتیکی زور خراپە و رورەش دەبیت. جا ئەگەر کاری چاکەت کردوە و لە خودا ترساوی ئەوا دلخوش دەبیت و بیتاقەت نابیت. خودای

گەورە دەفەرمویت هیج بەندەیەکم دووجار ناترسینم. بەلام خودای گەورە لە کاتی لیپرسینەوە رەحمیکی زۆری هەیە خودای گەورە ١٠٠ رەحمی هەیە یەك دانەی خستۆتە دونیا و ٩٩لە قیامەتە. تەنانەت شەیتانیش چاوەری بەزەی خودایە. دەلین. کەسیك بوە ٤٩ چاکەی هەبوە. خودای گەورە پی فەرمووە برۆ پەیدای بکە و بچۆ بەهەشت زور دەگەریت و کەس پی نادا کەسیك دەیبینی دەلی بوا بیتاقەت بوی. دەلیت ١ خیریکم ماوە کەس پیم نادا بچمە بەهەشت دەلیت من خیریکم هەیە پیت دەدەم من بەو خیرە رزگارم نابیت کەواتە تۆ بیبە ئەویش دەرواتەوە لای خودای گەورە دەلیت هینام. خودای گەورە دەزانی کی پیداوە بەلام پرسیاردەکات دەلیی ئەوکەسە کییە لەمن بەرەحمترە وتی فلانە کەسە خودای گەورە پی فەرموو هەردوکتان برۆنە بەهەشتەکەم. ئەوکەسەی هەقی خەلکی خواردوە خودای گەورە

دەهینی و ئەوکەسەش دەهینی هەقی خوراوە پاشان هەموو چاکەکانی دەبات بۆیە هەقی کەس مەخۆن. دەلیت لە رۆژی قیامەت. خودای گەورە بە کەسیك دەلیت برۆ دۆزەخ ئەویش بەراکردن دەروات خودای گەورە لی دەپرسی بوا رۆشتی دەلیت خودایە لە دونیا بەقسەتم نەکرد لیرەش نامەوی بەقسەت نەکەم خودای گەورە لەسەر ئەوە لیخوش بو خستیە بەهەشت. کەسیکی تر دیت دەلیت برۆ دۆزەخ بەهیواشی دەروات لەسەر خۆی جار جار ئاوریك دەداتەوە دەلیت بوا لەسەر خۆت ئەرۆی دەلیت وتبویان خوا زۆر بەرەحم و بەزەیە بویە وتم بەلکو بەزەیت پیم دا بیتەوە خودا خستیە بەهەشت لەسەر قسەکەی. بویە خودای گەورە زور بە رەحمە لەکەلمان لەو دنیا

دۆزەخ

دۆزەخ بۆ بیباوەڕانە و ئەوانەی دژایەتی خودایان کرد و هەقی خەلکیان دەخوارد و مەشروب و زینایان دەکرد هیچ گویان بەوە نەداوە خودا دۆزەخی بۆ ئامادە کردون. لیرە باس لە دۆزەخ و سزاکانی دەکەین

رۆژیکیان جبریل (علیە سلام)هاتە لای بیغەمبەری خودا بیغەمبەری خودا پی فەرموو جبریل جیبوە بوا رەنگت گۆراوە باسی ٣٠٠٠هەزار سالەی دۆزەخی بو کرد کە خودا دایناوە فەرمووی بۆ کییە فەرمووی بۆ کافرەکانە فەرمووی دۆزەخ جەند تەبەقەیە جەند دەرگای هەیە. فەرمووی ٧دەرگای هەیە بیغەمبەری خودا پی فەرموو باسی حەوت دەرگاکەم بوبکە چۆنە. فەرمووی تابقی خوارەوە بنی بنەوە. پی دەوتری (هاویە) دەلیت موناففەکان واتا دوروەکان لە بنەوەی بنەوە دەسوتین

**پی فەرموو ئەی تەبەقەی ٢وەم هی کییە فەرمووی**

**بۆ ئەو کەسانەیە کە موشریك و بت پەرستن و خودا ناپەرستن فەرمووی ناوی چیە فەرمووی ناوی (جحیم)ە پی فەرمو ئەی تەبەقەی ٣یەم**

**فەرمووی هەر وەکو کافرەکانن ئەوانیش فەرمووی چیگای ئەوان ناوی چیە فەرمووی ناوی (صقره)**

**فەرمووی ئەی تەبەقەی ٤رەم**

**فەرمووی تەبەقەی ٤رەم هی ئیبلیسە واتا شەیتان ئەی دەبو ئەو لەیەکەم تەبەقە بوایا بەلام بۆیە لە ٤رەمە بۆ ئەوەی لە خوارەوە و لەسەرەوە ئاگری بۆبیت و هاوری کاتی خۆی ببینی وە لەگەل شەیتان کی حەشر دەکری. ئاگر پەرستەکانن وتی ناوی چیە وتی ناوی (لڤاو)یە فەرمووی ئەی تەبەقەی ٥جەم**

**فەرمووی چیگای یەهود و جولەکەکانە.**
**فەرمووی ئەی ناوی چیە فەرموی**
**(الحگمە)فەرمووی ئەی تەبەقەی ٦شەم**

**فەرمووی چیگای نەصارایەکان**
**مەسیحیەکان فەرموی ناوی چیە فەرموی**
**(صعیر) فەرمووی ئەی تەبەقەی ٧تەم.**
**جبریل شەرمی لە بیغەمبەری خودا کرد و**
**قسەی نەکرد. فەرموی ئەی جبریل بۆ**
**حەوتەم باس ناکەی فەرمووی ئەی**
**بیغەمبەری خودا تەبەقەی حەوتەم چیگای**
**گوناحبارانی ئومەتی تۆیە تیدا دەسوتی**
**بیغەمبەری خودا لە هوش خۆی جوو. دوای**
**هاتەوە هۆش خۆی وتی یانی ئومەتی من**
**دەسوتی فەرمووی بەلی ئەوانەن توبە ناکەن**
**ئەوانەن زینا دەکەن مەشروب دەخون پیاوی**
**دەکوژن. بیغەمبەری خودا زۆر بیتاقەت بو.**
**تەنها عیبادەتی دەکرد تا خودا رەحمان**
**پیبکات.**

ئەوکاتەی لە دۆزەخدان خودا ئەمر بە شەیتان دەکات قسە بکات. ئەویش دەلیت ئیوە لۆمەی من مەکەن من تەنها رازاندمەوە و ئیوەم هاندا ئیوەش کردتان و بشتان لە خودا کرد. بۆیە ایستا نە ئیوە دەتوانن من رزگار بکەن نە منیش دەتوانم ئیوە رزگار بکەم.

لە دۆزەخدا خودای گەورە روخساریك ئەدات بە بی باوەران بس کەلبەی ددانی بەقەد کیوی ئوحودی لی دیت بۆ ئەوەی بتوانیت بەرگە بگریت دەفەرموی ئەستوری پیستی ٣رۆژە رییە خودا دەفەرموی کە پیستەکەی سوتا ناهیلم بگاتە دەمار دیسان پیست ئەکەم بە بەریدا هەندی لە زانایان دەفەرمون لە یەك چرکەدا هەزارجار دەسوتیت و پیست دەکریت بە بەریدا

سزاکان

ئەوەی لەم دونیا خۆی بکوژی لە. دنیاش بەوشیوەیە سزا دەدریتەوە

ئەوەی لەسەر بان یان بالەخانەیك خۆی خستبیتە خوارەوە لە دۆزەخیش هەر فری دەدەنە خوارەوە

ئەوەی بە زەهر خۆی کوشتبی لەویش هەر زەهر دەکەن بە قورگیا

بیغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)دەفەرمووی. هەموو سوتاوی و رەشی پیسی گیانی بیباوەران وەکو ئاو هەلدەستیت ئەگەر بیت و یەك قوم بینی بیکەی بەناو دەریاکاندا سویند بەخوا هیچ بونەوەری نامینی. و دەلیت ئەوەی مەشروب خۆرە. مەشروبی خواردبی پاشان تەوبەبکات پاشان بیخواتەوە دیسان توبە بکات باشان دوبارەی بکاتەوە خودای گەورە سویند دەخوات دەلیت ئیلا دەبیت ئەو پیسیەی و رەشی گیانی بیباوەران بکەم بە قۆرگیا و بیخوات

ئەو كەسانەی زینا دەكات پیاو یان ژن

بە روت و قوتی دەخرینە ناو تەنوریكەوە هاواریان بەرز دەبیتەوە. لە نیوان عەورەتیان بیسی دەردیت و هەموو دۆزەخ نەعلەتیان لیدەكەن و دەلین ئیمە عەزابمان كەم نەبو. ئیوەشی هاتە سەر

ئەوكەسانەی لوت بەرز بون منافق و دورەكان لە بنی دۆزەخ دان دوروەكان كە دین بولای موسلمان و خۆیان بە موسلمان دەزانی و دەروشتن و گالتەیان پیان دەكرد

خودای گەورە فرمیسكیان ئەداتی. دەلیت هەندە دەگرین فرمیسك هەلدەستیت ئەگەر پاپۆر بەناوی دا دەتوانی برۆیت هەندە گریاون پاشان فرمیسك نامینی هەمووی دەبیت بە خوین

ئەوانەی لە دۆزەخدان داوا لە مالیکی
دەرگاوانی دۆزەخ دەکەن. دەلین بس بلی
بە خوداکەت بمانکوژی توانامان نەما تەواو.
پاشان پیان دەلیت ئایا پیمان نەوتن
ئاگاداریمان نەکرد بۆتان بیغەمبەرمان
نەنارد هەمویان دەلین بەلی. دەلیت دە
ئیستاش تیدا بن و پارانەوەی ئیوە ون
دەبیت و نامینی. خودا هەموو موسلمانی
بپاریزی

## خۆشی بەهەشت

لیرەدا باس لە ژیانی موسلمانان دەکەین لە
بەهەشت دا. و خۆشیە نەبراوەکانی.
بەهەشت قات قاتە ٨قاتی هەیە. هەر قاتیکی
خوشترە لەوەی خوارەوەی خۆی و هەر
دەرگایەکی بەهەشت بیغەمبەر (صلی اللّه
علیه وسلم)دەفەرموی هەر دەرگایەك لەو

سەریەوە بو ئەمسەری یەك مانگە ریگایە
دەلیت رۆژیك دیت خەلك پالەپەستۆیەتی
و ئەوەندە قەرەبالغ دەبیت لە موسلمانان

کاتیك سەرەتا دەچیتە ناو بەهەشتەوە پۆل
پۆل مەلائکەت دین بو لای و بەخیرهاتنی
دەکەن پاشان مالەکەی خۆی چۆن لە دونیا
مالی خۆی دەزانی لە بەهەشتیش بە هەمان
شیوە دەزانیت  کە چویتە بەهەشتەوە
کۆمەلیك ملائکەت دین و و دەتبەن بو مالی
خوت و ئەوکەسانەی کە قورئان خوین بوبیت
لەپیش دەرگای بەهەشت پی دەلین
هەرچی قورئانت خویندوە هەرجی دەزانی
بیلی هەرجی قورئانی خویندبی لە دونیا
لەویش بەهەمان شیوە دەیخوینی و وە هەر
ئایەتیك و پلەیەکت پیدەبەخشن. پاشان
بەهەشت پلە پلەیە. هەتا زیاتر بڕۆی
خۆشتر دەبیت. بیغەمبەر (صلى الله عليه
وسلم) دەفەرموی ئەگەر سیویك بینیت لە

کوتا پلەی بەهەشت واتا خواری خوارەوە.
ئەوا بەشی هەموو مرۆڤەکان دەکات و
تیشك و روناکی خۆر نامینی لە ئاست
جوانیەکەی. پاشان کاتی رۆشتیەوە
مالەکەی خۆت. ئەگەر خیزاندار بیت و
خیزان و منالت بەهەشتی بن دیسانەوە ژیان
دەکەن پیکەوە

وە لە بەهەشت دا هەموو کەسەکان
تەمەنیان دەبیت بە ٣٣سال بالای ٦٠زیراع
بەرز دەبیتەوە وەکو باوکە ئادەم سەرەتای.
نەپیر دەبیت نە نەخوش نە خەم و خەفەت
هیج شتیك نیە هەموو کەسیك لەو
تەمەنەیە و گەنج و جوان دەمینن

اشان ئەگەر ژنت یاخود میردتت □
بەهەشتی بن دەتبەن بولای و لە نیو
مالەکەتا چەند کەسی دەبینی دەلیت
کامەیان خیزانەکەی من زور جوانن ئەمانە.

دەلین هیج کامەیان خیزانی تۆ نیە. ئەمانە خزمەتکاری خیزانتن پاشان هەندیکی تر دەروات کۆمەلی تر دەبینی ئەوانەی بیشو هیج نەبون لە چاویدا ئینجا دەلیت ئەی ئەمانە کامەیانن دەلیت ئەمانەش خزمەتکاری خیزانتن و پاشان خیزانی خۆی دەبینی دەفەرموی تەمەنیان چەند بوە لە دونیا ئەوەندە سال باوەش بەیکدا دەکەن.

دەریای ناو بەهەشت ٤ دانەی تیایە

١ئاو

٢هەنگوین

٣شیر

٤شەرابە

ئەمانە هەر هەمویان لە ژیر عەرشی خوداوە دینە خوارەوە بو سەر بەهەشتیەکان

لە بەهەشت شەو و روز نیە. هەتاو و نیە سیبەر نیە خەو نیە لە بەهەشت کەس

هیلاك نابیت تاوەكو بخەوی بیغەمبەر (صلی اللّه علیه وسلم)دەفەرموی كەسانی وا هەن. لە بەهەشت پالی داوەتەوە سەیری باخ و شتەكانی ئەكات لە بەهەشت ٧٠دانە سال تاقەتی نیە خۆی بخاتە سەر شانەكەی تری ئەوەندە ئیسراحەت و خۆشی دەبینی

بیغەمبەر(صلی اللّه علیه وسلم)دەفەرموی

هەندی كەس دەجنە بەهەشت شایەنی ئەوە نیە خودا قەسری بداتی شایەنی اوەنیە مالیكی بدەنی خیمەیەكی ئەدەنی
بیغەمبەر (صلی اللّه علیه وسلم )دەفەرموی
٦٠میل بەرزە بە ئاسماندا پانیەكەی دەلیت
لە ولاتی ئەرمەن و بۆ یەمەن ە ئەمە
ئەوكەسەیەً كۆتا كەسە لە دوزەخ دەیهیننە
دەرەوە بەدریژای ٢هەزار سال سەیری
مولكی خۆی دەكات ئینجا وتیان ئەی
ئەوانەی پلە یەكن دەبی جۆن بیت

فەرمووی ئەوانە لە شوینیکن نە هیچ چاوی دیویەتی نە هیچ عەقلیك ویناى کردوه

## نزمترین ئاستی بەهەشت

رۆژیك بیغەمبەر موسا(علیە سلام)لەکەل خودا قسەی دەکرد دەیوت نزمترین ئاستی بەهەشت بۆکییە و خۆشیەکەی چۆنە.
فەرمووی. کۆتا کەسە لە دۆزەخ دەری دەهینن و دەلیت خودایە وەکو گـلەیك دەلیت خەلك هەمووی چیگـا و شوینی خۆی هەیە من بچم هیجم نیە خودا پـی فەرموو بچۆ بەهەشت رازی دەبیت دلنیام.
ئینجا خودا پـی دەفەرمووی بتدەمی ئەوەندەی پـاشایەکی دنیا دەلیت خودایە رازیم ئەگـەر ئەوەندەم بدەیتی رازیم ئینجا خودای گـەورە فەرمووی. بچۆ بەهەشت ئەوەندەی پـاشایەك و ئەوەندەی تریش و ئەوەندەی تریش و ئەوەندەی تریش بۆجاری

5عەبدەکە دەلیت خودایە بەسە رازیم

ئەوەندەم بەسە و رازیم خودا پی فەرموو

مولکم کەم ناکات بچۆ بەهەشت دە

ئەوەندەی پاشای دنیات پیدەدەم

کۆتای